# بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

بەشی // سێیەم

---

**401- کێ بە زۆر لێکردن خەڵکی دەکرد بە سەرباز ؟**

وەڵام/ حەجاجی کوڕی یوسفی ثەقەفی .

---

**402- کێ باپیرەی پێغەمبەر عیسایەو باوکی پێغەمبەر داودە ( درودی خوایان لێبێت) ؟**

وەڵام/ یاسین .

---

**403- کێ سەر لە نوێ بیری (زەمزەم ) ی دۆزیەوەو هەڵیدایەوە ؟**

وەڵام / (عەبدول موطلیب )ی باپیری پێغەمبەر ( درودی خوای لێبێت) .

---

**404- ( طارق ) چی یە ؟**

وەڵام/ بە هەسارەی بەیاینیان دەوترێ .

---

**405- ئەم ووتەیە هی کێ یە : البحر من ورائكم والعدو من أمامكم / واتە دەریا لە پشتتانە و دوژمن لە پێشتانە ؟**

وەڵام/ طاریقی کوڕی زیاد .

---

**406-ئایە سەرانە ( الجزیە ) لە کێ وەردەگیرێ ؟**

وەڵام/ لە خاوەن پەرتوکەکان ( النصارى والیهود ) و ئاینی زەردەشتی یەکان ( المجوس ) .

---

**407-یەکێك لە ئەسپەکانی پێغەمبەر(درودی خوای لێبێت ) بڵێ ؟**

وەڵام/ سەکب .

408- ( الأخدود ) دەكەوێتە كوێندەر ؟

وەڵام/ دەكەوێتە نەجران .

409- چ خزمايەتيەك نێوان لوط و ئيبراهيم هەيە (درودى خواى لێبێت ) ؟

وەڵام/ كوڕى برايەتى .

410- لە چ سەردەمێك كەشتيگەلى دەريايى عەرەبى سەرى هەڵدا ؟

وەڵام/ لە سەردەمى عوثمانى كوڕى عەفان ( خوا لێى ڕازى بێت ) .

411- لە ساڵى چەند عومرى كوڕى خەطاب ( خوا لێى ڕازى بێت ) كۆچى دوايى كرد ؟

وەڵام/ لە ساڵى 23 .

412- يەكەم كەس كێ بوو خوێندنگاى ئيسلامى دامەزراند ؟

وەڵام/ عەلى كوڕى ئەبى طاليب ( خوا لێى ڕازى بێت ) .

413- دووەم كەس خوێندنگاى ئيسلامى دامەزراند ؟

وەڵام/ عەلى كوڕى حوسەين ( خوا لێى ڕازى بێت ) .

414- دانەرى پەرتوكى ( العقد الفريد) كێ يە ؟

وەڵام/ ئيبن عەبدى ڕەبە كە پێك هاتووە لە 25 باب هەربابێك ناوى جەوهەرە .

415- بەعەرەب كراو كێن ؟

وەڵام/ عەرەبى عەدنانين , كە لە وەچەى پێغەمبەر ئيسماعيلى كوڕى ئيبراهيم وە ئەو عەرەبانەى لە وەچەى ئومەتى موحەممەدن ( درودى خوايان لێبێت ) .

416- ( الايامى ) كێن , كه له قورئاندا باس كراون ؟

وەڵام/ ئەو ئافرەتانەی شوویان نیه .

417- خێزانی (كیسرا ) ناوی چی یه ؟

وەڵام/ ناوی ( شیرین ) ە .

418- دانەری پەرتوكی ( أم القرى ) كێ یه ؟

وەڵام/ عەبدو ڕەحمانی كەواكبی .

419- ژمارەی پێغەمبەران ( الرسل ) چەندن ؟

وەڵام/ 313 .

420- چ زەویەكه ڕۆژی تیا هەڵنایێ تەنها جارێك نەبێ ؟

وەڵام/ زەوی دەریای سور .

421- هاشمی باپیرە گەورەی پێغەمبەر ( درودی خوای لێبێت) دوو ئیشی گەورەی له ئەستۆدابوو ، ئەو ئیشانه چی بوون ؟

وەڵام/ یەكەم : ( الرفادة ) نان دان به حاجیەكان .

دووەم : (السقاية) ئاودان به حاجیەكان .

422-ناوێكی تری ( بەلقیس ) چی یه ؟

وەڵام/ تەلقەمە .

423- به چی دەوترێ دوو ڕەشەکە ( الأسودان ) ؟

وەڵام/ بە خورما و ئاو .

---

424- درێژترین گەشت لە مێژوو چ گەشتێکە ؟

وەڵام/ گەشتی ئیسراِو میعراج .

---

425- گەر ووتار دەست پێ بکات بی ( بسم الله ) و بێ ( الحمدلله...) لە زمانی عەرەبی چی پێ دەوترێ ؟

وەڵام/ پێی دەوترێ : البتراء .

---

426-ئەم هاوەڵە کێ بوو پێغەمبەر ( درودی خوای لێبێت) ناردی بۆ کیسرا ؟

وەڵام/ عبدالله ی کوڕی حوذافە ( خوا لێی ڕازی بێت ) .

---

427-کێ دانەرو خاوە نی پەرتوکی ( آداب الدين والدنيا ) یە ؟

وەڵام/ ئەبو لحەسەن ئەلماوەردی , فەقێیەکی شافیعی بووە , لە بەصرە لە دایك بووە .

---

428- کامە ئایەتە (16) پیتی ( میم ) ی تیادا هاتووە ؟

وەڵام/ ئایەتی (17) لە سورەتی (هود) .

---

429-خەلیفایەتی پێشەوا ( عەلی کوڕی ئەبو طالیب ) چەند ساڵی خایاند ؟

وەڵام/ (6) ساڵ .

---

430- یەکەم کەس کێ بوو لە شوێنێکی بەرز ووتاری خوێندەوە ؟

وەڵام/ قیسی کوڕی ساعیدە .

---

431-له زمانی عەرەبی( المخضرم ) به کێ دەوترێ ؟

وەڵام/ به کەسێك دەوترێ له دوو سەردەم ژیابێ له سەردەمی نەفامی و له سەردەمی ئیسلامی .

---

432-بۆچی پێغەمبەر ( درودی خوای لێبێت) فەرموویەتی ( من کوڕی دوو سەر بڕاوەکەم)؟

وەڵام/ چونکه لەنەوەی حەزرەتی ئیسماعیل پێغەمبەرەو ، کوڕی (عەبدوڵلا)یه ، که هەردووکیان کراون به قوربانی ، بەڵام له ئەنجامدا له بری ئیسماعیل بەرارنێك و ، له بری عەبدوڵلا سەد ووشتر کرا به قوربانی .

---

433- ئەبو بەکر( خوا لێی رازی بێت ) چەند ساڵ خەلیفایەتی کردووە ؟

وەڵام/ (2) ساڵ .

---

434- چەند ساڵ عومەری کوڕی خەطاب( خوا لێی رازی بێت ) خەلیفەی موسڵمانان بوو ؟

وەڵام/ (10) ساڵ .

---

435-عوثمانی کوڕی عەففان ( خوا لێی رازی بێت ) چەند ساڵ خەلیفه بوو ؟

وەڵام/ (12) ساڵ .

---

436- ئەم هاوەڵه کێ بوو که خوای گەورە فرمانی به پێغەمبەر کرد ( درودی خوای لێبێت ) فێری یاساکانی تەجویدو پیتەکانی قورئانی بکات هەروەك چۆن بۆی دادەبەزی , به ڕێگای جبریل له لایەن خوداوە ؟

وەڵام/ ئوبەی کوڕی کەعب ( خوا لێی رازی بێت ) .

---

437- کێ دانەرو خاوەنی پەرتوکی ( جوامع السیرة ) یه ؟

وەڵام/ ئیبن حەزم .

---

438- ناوی پێغەمبەر موسا ( درودی خوای لێبێت ) , پەیوەندی بە کەسایەتی خۆی هەیە , واتای موسا چی یە ؟

وەڵام/ ووشە موسا واتە : کوڕی ئاو و دار , کاتێك دایکی لە ناو شتێکی نا کە بە بەلەم دەچوو فڕێی دایە ناو ڕووبار , دارێك موسای ڕاگرت لە ڕۆشتنی بە ئاودا .

---

439- دانەر و خاوەنی پەرتوکی ( طب النبوی ) کێ یە ؟

وەڵام/ ئیبن قەیمی جەوزی ( خوا لێی رازی بێت ) .

---

440- بۆچی عەرەب کوفەیان ناو ناوە بە ( کوفە ) ؟

وەڵام/ کوفە بە عەرەبی واتا : کۆبوونەوە , چونکە سوپاکان تێیدا کۆدەبوونەوە , وە لە سەردەمی عومەری کوڕی خەطاب دروست کراوە .

---

441- خاوەن و دانەری پەرتوکی ( الرسالة و الأم ) کێ یە ؟

وەڵام/ دانەری : شافعی یە , ئەبو عەبداللە موحەممەدی کوڕی ئیدریسی شافیعی ( خوا لێی رازی بێت ) .

---

442- دوو لە ووشترەکانی پێغەمبەر ( درودی خوای لێبێت ) ناویان چی بوو ؟

وەڵام/ ناویان : عەضباء و , جەدعاء .

---

443- ئەو کەسە کێ بوو کە پەنای پێغەمبەری خوای دا ، پاش گەڕانەوە نا ئومێد بوون لە خەڵکی طائیف ؟

وەڵام/ ( موتعەمی کوڕی عودەی ) .

---

444- مەبەست بە ووشەی ( المکوس ) چی یە ؟

وەڵام/ بنچینەکەی لە ووشەی ( کسای ) هاتووە , سەردەمی نەفامی چەند دیرهەمێك بوو لە فرۆشیاری قاچاغچی وەردەگیرا .

---

445-بە مانای ( باج ) دێت , جگە لە موسڵمانان وەردەگیرێ ؟

وەڵام/ (الخراج ) دومەڵ .

---

446- خێزانی پێغەمبەر یەعقوب , دایکی یوسف (درودی خوای لێبێت ) ناوی چی یە ؟

وەڵام/ ڕەحیل .

---

447- دەرگاکانی بازنەی دەوری دیواری قودس چەندە ؟

وەڵام/ ( 8 ) دەرگا , لە لای ڕۆژ هەڵات دەرگای ( الَاسباط ) و دەرگای ( ذهبي ) , لە لای دەرگای خۆر ئاوا دەرگای ( پێغەمبەر دواود ) .

---

448- ئەم هاوەڵە کێ بوو کە پێغەمبەر ( درودی خوای لێبێت ) بۆی پاڕایەوە کە بە بە پێکەنینەوە بە خودا بگات ؟

وەڵام/ طەلحەی کوڕی بەڕاو .

---

449- نوسینی خەتی قورئان بە چی ناسراوەو بەچی دەناسرێتەوە ؟

وەڵام/ ناسراوە بە وێنەکێشانی عوثمانی پێی دەوترێ خەتی( ڕوقعە ) دەناسرێتەوە بە ( بدیع ) .

---

450- کاتیك خوای گەورە ( ئادەم ) ی دروست کرد کە گیانی پێدا , یەکەم جوڵە ی بە چی بوو ؟

وەڵام/ یەکەم جوڵە ی – پژمین - بوو .

---

451- ئەم پاشایە کێ بوو کە فرمانی دا بە سوتاندنی پێغەمبەر ئیبراهیم ( درودی خوای لێبێت ) ؟

وەڵام/ نەمرود ( نەفرینی خوای لێبێت ) .

452- کێ هەڵگری جەنەڕاڵی ( لواء ) موسڵمانان بوو لە جەنگی ( ئوحد و بەدر ) ؟
وەڵام/ موصعەبی کوڕی عومەیر .

453- ناوی ئەم ڕێکخراوە ئیسلامیە چی یە بۆ ( ڕۆشنبیری و پەروەردەو زانستەکانە ) ؟
وەڵام/ ئەسیسکۆ .

454- لە سەردەمی کێ یەکەم شوێنی بانگ دان دروست کرا ؟
وەڵام/ لە سەردەمی معاویەی کوڕی ئەبی سوفیان , لە مزگەوتی ( جامع الکبیر ) لە دیمەشق .

455-دانەری و خاوەنی ( الفقه الکبیر ) کێ یە ؟
وەڵام/ هی پێشەوا ئەبو حەنیفەی کوڕی نوعمانی پابیتە , لە بەغدا لە دایك بووە , لە ساڵی (150)ی کۆچی وەفاتی کردووە .

456- ماددەیەکی بۆن خۆشە بۆ سڕکردن بە کاردێت , لە قورئان باس کراوە , ئەمە چ ماددەیەکە ؟
وەڵام/ کافور .

457- یەکەم مزگەوت کە لە مەدینەدا دروست کرا ، ڕووە کوێ بوو ؟
وەڵام/ ڕووە (بیت المقدس) بوو لە فەلەستین .

458- بە ڕێزبەندی , جەنگەکانی فەلەستین چەندن ؟
وەڵام/ یەرموك ـ داپن ـ جەنادین ـ مەرج صەفر ـ فەحل بیسان .

459- نوێژ کردن لە مزگەوتی حەرەم خێری بە چەند نوێژ هەیە ؟
وەڵام/ خێری بە(100000) نوێژ هەیە .

460- ئەم ووتەیە هی کێ یە (عجزت النساء أن يلدن مثل خالد ) واتە : ئافرەتان دەستەوسان کەسێکی وەکو خالیدیان ببێت ؟

وەڵام/ ووتەی ئەبو بەکرە ( خوا لێی ڕازی بێت ) .

461- کێ نازناوی نا لە عومەری کوڕی خەطاب بە ( أمير المؤمنين ) ؟

وەڵام/ لوبەیدی کوڕی ڕەبیعە .

462- لە چ ساڵێك بوو موسڵمانان ئاهەنگیان گێڕا بە بۆنەی جەژنی ڕەمەزان ؟

وەڵام/ لە ساڵی (2) ی کۆچی .

463- کێ ڕۆژێك نا ڕۆژێك بە ڕۆژوو دەبوو ؟

وەڵام/ ئیبن سیرین .

464-پێغەمبەر ( درودی خوای لێبێت ) ئەم فەرمودەیەی دەربارەی کێ فەرمووە { أعني علي نفسك بكثرة السجود } ؟

وەڵام/ ڕەبیعەی کوڕی کەعبی ئەسلەمی .

465- کامە سورەتە کە پێغەمبەر ( درودی خوای لێبێت ) هانیداوین بۆ لەبەرکردنی ؟

وەڵام/ سورەتی ( النور ) .

466- کۆچی دووەم چی یە ؟

وەڵام/ کۆچی پێغەمبەرە ( درودی خوای لێبێت ) لەگەڵ ئەبوبەکر ( خوا لێی ڕازی بێت ) بۆ مەدینە .

467- پێغەمبەر ( درودی خوای لێبێت ) کێ ی جێهێشت بە لای ئافرەتانەوە کاتێك دەرچوون بۆ جەنگی تەبوك ؟

وەڵام/ عەلی کوڕی ئەبی طالیب ( خوا لێی ڕازی بێت ) .

468- قورەیش لە چ شوێنێك کۆدەبوونەوە بۆ ووتو وێژ بۆ کارو باری مەککە , پێش ناردنی موحەممەد بە پێغەمبەر ( درودی خوای لێبێت ) ؟

وەڵام/ دار ئەننەدوە .

---

469- کۆچی یەکەم کامە کۆچ بوو ؟

وەڵام/ کۆچی هاوەڵانی پێغەمبەرە ( درودی خوای لێبێت ) بۆ حەبەشە .

---

470-ناوی شەش پشتی پێغەمبەری ئازیز ( درودی خوای لێبێت) بلّێ ؟

وەڵام/ محمد ، کوڕی عبدولموطەلیب ، کوڕی هاشم ، کوڕی عبدول مەناف ، کوڕی قوصەی .

471-کۆمەڵەی ( الاعراف ) کێن ؟

وەڵام/ چینێکن کردەوەی باش و خراپەکانیان وەك یەکە , نیشتەجێن لە سەر چیایەك لە نێوان بەهەشت و دۆزەخ , تا خوای گەورە بڕیای دەدات .

---

472- کێ بوو نوسراوێکی نوسی بۆ پچڕانی نێوان بەنی هاشم و عەبدول موطەلیب ؟

وەڵام/ مەنصوری کوڕی عیکرەمە , پێغەمبەر ( درودی خوای لێبێت ) دوعای لێ کرد پەنجەکانی ئیفلیج بوون .

---

473- پێغەمبەر ( درودی خوای لێبێت ) کێ ی کردبووە کوڕی خۆی و ( بەر لە دابەزینی قەدەغە لێ کردن ) دەیفەرموو ئەمە کوڕمە و میراتی لێ دەگرم ئەویش میراتم لێ دەگرێ ؟

وەڵام/ زەیدی کوڕی حاریثە ( خوا لێی ڕازی بێت ) .

---

474- ئەم هۆزە کێ بوون بەرەنگاری و بەرگریان لە کەعبە کرد , کاتێك ئەبرەهە هێرشی کردە سەر کەعبە ؟

وەڵام/ هوزیل .

---

475- کێ نوسەری پێغەمبەر بوو ( درودی خوای لێبێت ) ؟

وەڵام/ عبدالله ی کوڕی ڕەواحە ( خوا لێی ڕازی بێت ) .

---

476-( عبدول موطەلیب ) ی باپیری پێغەمبەر ( درودی خوای لێبێت) چەند کوڕی هەبوو ؟

وەڵام/ 10 کوڕی هەبوو .

---

477- سێ لە پێغەمبەرە خاوەن پلەو پایەکان ( أولوالعزم ) ئافرەت سەرپەرشتیکاریان بوون , ئەمانە کێنە ؟

وەڵام/ 1- موسا : خێزانی فیرعەون ( ئاسیای کچی موزاحیم ) سەرپەرشتکاری کرد ، 2- عیسا : دایکی سەرپەرشتی کرد ( مەریەمی کچی عیمران ) 3- موحەممەد : دایکی ( ئامینە ) سەرپەرشتی کرد ( درودی خوایان لێبێت ) .

---

478- ئایا بیلال دوای وەفاتی پێغەمبەر ( درودی خوای لێبێت ) بانگی داوە ؟

وەڵام/ نەخێر... بەڵام جارێك بە داواکاری عومەری کوڕی خەطاب بانگی دا , لە کۆنگرەیەکی باجگری ( عومەریە ) , لە ئەنجامدا بەڵێن بەسترا .

---

479- لە جەنگی ( تەبوکی گەورە ) دا ، چەند کەس لە بێ باوەڕان کوژران ، ناوی دوان لە سەرانیان چی بوو ؟

وەڵام/ ( 70 ) کەسیان لێ کوژرا ، دوان لە سەرانیان : ئەبو جەهل ، ئومەیەی کوڕی خەلەف

---

480- چەند جار ووشەی ( ڕەمەزان ) لە قورائاندا هاتووە ؟

وەڵام/ یەك جار .

---

481-پێغەمبەر ( درودی خوای لێبێت ) لە چ ئەشکەوتێك خواپەرستی دەکرد ؟

وەڵام/ لە ئەشکەوتی ( حەرِاء ) .

---

482-چ سورەتێکە پێی دەوترێ سورەتی ( النبيّ ) ؟

وەڵام/ سورەتی ( المتتحنة ) .

---

483- شاعیرانی پێغەمبەر ( درودی خوای لێبێت ) کێ بوون ؟

وەڵام/ حەسانی کوڕی پابت , عبدالله ی کوڕی ڕەواحە , کەعبی کوڕی مالیك .

---

484-پێش کۆچ چەند ساڵ بانگەوازی بۆ ئیسلام کرا لە شاری مەککە ؟

وەڵام/ (13) ساڵ .

---

485-( عروة الوثقي ) چیە ؟ کە خودا دەفەرموێ هەر کەسێك دەستی پێوە بگرێ سەرکەوتووە و ڕێی ڕاستە ( فمن استمسك بالعروة الوثقي لا انفصام لها ... ) ؟

وەڵام/ ووشەی ( لا اله الا الله ) یە .

---

486-ئەو شەوەی پێغەمبەر ( درودی خوای لێبێت) کۆچی کرد بۆ مەدینە ، کێ لە شوێنەکەیدا خەوت ؟

وەڵام/ عەلی کوڕی ئەبو طالیب ( خوا لێی ڕازی بێت ) .

487-موعجیزەکانی پێغەمبەر عیسا ( درودی خوای لێبێت ) چی بوون ؟

وەڵام/ زیندوو کردنەوەی مردوان , چاککردنەوەی کوێر و بەڵەکی , هەواڵدانی خەڵکی بەوەی دەیخۆن و بەوەی لە ماڵیان هەڵی دەگرن .

---

488-ووشترى پێغەمبەر ( درودی خوای لێبێت) ناوی چی بوو ؟

وەڵام/ قەصواو .

---

489-لە کامە جەنگ پێغەمبەر ( درودی خوای لێبێت) بریندار بوو و ددانی شکا ؟

وەڵام/ لە جەنگی ( ئوحد ) .

---

490-پێغەمبەر ( درودی خوای لێبێت) چەند سریەی نارد ( کە پێك هاتبوون لە دەستەیەك لە موسڵمانان بۆ جەنگ و چاکسازی دەینااردن ) ؟

وەڵام/ (60) سریە .

---

491-یەکەم جەنگ چی بوو لە نێوان ڕۆم و موسڵمانان ڕوی دا ؟

وەڵام/ جەنگی ( ئەجاندەین ) سەرکردەکە عەمری کوڕی عاص بوو .

---

492-یەکەم جولەکە کێ بوو موسڵمان بوو ؟

وەڵام/ عبدالله ی کوڕی سەلام .

---

493-یەکەمین ئافرەت لەسەردەمی پێغەمبەر ( درودی خوای لێبێت) شەهید بوو ، کێ بوو ؟

وەڵام/ خاتوو سوممەیە ( خوا لێی ڕازی بێت ) .

---

494-دەوروبەرو ناو کەعبەی پیرۆز چەند بتی تیا بوو ؟

وەڵام/ ( 360 ) بت .

---

495-كێ یەکەم کەس قەعبەی بە قوماش پۆشی ؟

وەڵام/ تەبع مالیك حەمیر , لە سەرەتا بە عەسیر پۆشرابوو .

---

496-كێ یەکەم کەس موسڵمان بوون لە عەرەب دوای ئەنصاریەکان ؟

وەڵام/ ئەهلی یەمەن و . عەبدول قەیسی ئەهلی بەحرەین .

497-کامە شار لە جەزیرەی عەربی یەکەم شار بوو دروست کرا ؟

وەڵام/ شاری بەصرە , ( عقبة المازني ) دروستی کرد .

---

498-کێ یەکەم کەس لە هاوەڵانی پێغەمبەر ( درودی خوای لێبێت ) کۆچی کرد بۆ مەدینە؟

وەڵام/ ئەبو سەلەمە ( عبدالله کوڕی ئەسەدی کوڕی هیلالی کوڕی عبدالله ی مەخزومی , لە قورەیش بوو ) .

---

499-یەکەم جولەکە لە جەزیرەی عەرەبی دەرکەوتن کێ بوون ؟

وەڵام/ بەنی نەضیر .

---

500-کێن یەکەم کەسەکان لە ڕۆژی دوایی تکاو شەفاعەت دەکەن ؟

وەڵام/ پێغەمبەران , دوایی زانایان , دوایی شەهیدەکان .

---

501-ژمارەی هاوتاپەرستەکان ( مشرك ) لە جەنگی بەدر چەند بوو ؟

وەڵام/ 1000کەس بوون , سێ هێندەی موسڵمانان بوون .

---

502-جەنگی بەدری گەورە کەی بوو ؟

وەڵام/ 17/9/2 کۆچی .

---

503-پەرتوکەکانی ( الصحاح الست ) کامانەن ؟

وەڵام/ صەحیح بوخاری , صەحیح موسلیم , سونەنی ترمذی , سونەنی نەسائی , ئەبو داود , ئیبن ماجە .

---

504-لە قورئاندا مەبەست بە ووشەی ( الجبت ) چیە ؟

وەڵام/ الاصنام , بت .

---

505-ئەم ئافرەتە جولەکە کێ یە کە ژەهری لە ناو خواردن کرد بۆ پێغەمبەر ( درودی خوای لێبێت ) ؟

وەڵام/ زەینەبی کچی حاریث , هاوسەری سالی کوڕی مەشکەم .

---

506-لە جەنگی ( تەبوك ) ژمارەی لەشکری موسڵمانان چەند بوو ؟

وەڵام/ 30000 کەس .

---

507-پێغەمبەری خوا ( درودی خوای لێبێت ) چەند ڕۆژ نەخۆش بوو ، وە لە چ کاتێکدا کۆچی دوایی کرد ؟

وەڵام/ 14 ڕۆژ نەخۆش بوو ، لە چێشتەنگاوێکی درەنگی ڕۆژی دووشەممە وەفاتی کرد .

---

508- کێن ئەوانەی خزمەتی پێغەمبەریان کردووە ( درودی خوای لێبێت ) ؟

وەڵام/ ئەنسی کوڕی مالیك ـ هیند و ئەسماوی کچەکانی حاریثە ی ئەسلەمی ـ ئەبو هورەیرە ـ سەلما ـ خەضرە ـ ڕەضوا ـ مەیمونەی کچی سەعد ـ ئوم ئەیمەن ـ ئەنجەشە ـ شەقران ـ سفینە ـ توبان ـ رباح ـ ئەسلم یەسار توبی ـ فوضالە ـ مودعەم .

---

509-کێ لە هاوەڵانی پێغەمبەر ( درودی خوای لێبێت ) بە جوبرائیل دەچوو ؟

وەڵام/ دەحیەی کوڕی خەلیفەی کەلبی ( خوا لێی ڕازی بێت ) پیاوێکی لەش سپی جوان بوو.

---

510-( مسجد القبلتين ) بۆ ئەم ناوەی لێنراوە ؟

وەڵام/ بەهۆی نوێژی خەڵکی لەو کاتەی لە یەك نوێژدا ڕوویان لە دوو ڕووگە کرد , ئەو کاتەی پێغەمبەر ( درودی خوای لێبێت )نوێژی نیوەڕۆی بۆ دەکردن ڕووبەڕووی قودس دوو ڕەکعاتیان کردبوو , خوا فرمانی پێ کرد ڕووی بگۆڕێ بۆ کەعبە , دوو ڕەکعاتەکەی تریان لە ڕووگەی کەعبە تەواو کرد .

---

511-دوو لو خێزانانی پێغەمبەر ( درودی خوای لێبێت ) لە ( بەقیع ) نەنێژراون , ئەمانە کێن ؟

وەڵام/ خەدیجە و مەیمونە ( خوا لێیان ڕازی بێت ) .

---

512-دوای تۆفان کەشتی نوح پێغەمبەر ( درودی خوای لێبێت ) لە کوێ نیشتەوە ؟

وەڵام/ لەسەر کێوی جودی لە چیایەك لە چیاکانی کوردستانی تورکیا , لە هەرێمی باکوری بۆتانی ڕۆژهەڵات , لە جەزیرەی ئیبن عومەر .

---

513-گومەتی قودسی پیرۆز لەسەر چەند دینگە ڕاگیراوە ؟

وەڵام/ - 8- دینگە .

---

514-مزگەوتی ( عومەری کوڕی خەطاب ) دەکەوێتە کوێندەر ؟

وەڵام/ دەکەوێتە ( دومة الجندل ) بۆیە پاڵدراوە بۆ عومەر , گوایە دەڵێن ئەو دروستی کردوە لە ساڵی 17ی کۆچی , لەو کاتەی ڕوبەڕوی قودس دەبویەوە .

---

515- ساڵی ( الرمادة ) چەندی خایاند ؟

وەڵام/ 9 مانگ , لە ساڵی 18ی کۆچی , لە مەدینەو حیجاز , بۆیە ئەم ناوەی لێنراوە چونکە بایەکان تۆزو خۆڵاوی بوون .

---

516- ( مەقام ئیبراهیم ) چی یە و کوێ یە ؟

وەڵام/ بەردێکە ئیسماعیل بۆ باوکی ئیبراهیمی هێنا ( درودی خوایان لێبێت ) کاتێك دیواری کەعبە بەرز بویەوە , لەسەری ڕاوەستاوە تا دیوارەکەی تەواو کردووە .

517-پێغەمبەر ( درودی خوای لێبێت) لەکام مانگ لە دایك بوو ، وەلەکام مانگدا وەفاتی کرد ؟

وەڵام/ لە مانگی ( ربیع الاول ) لە دایك بووەو، لەمانگی ( ربیع الاول ) یشدا وەفاتی کردووە .

518-کێ بوو پێشەوای بڕواداران سەری ماچ کرد و ووتی : مافێکە لەسەر بڕواداران کە سەری ماچ بکەن ؟

وەڵام/ عبد الله ی کوڕی حوذافەی کوڕی قەیسی سەهمی خەراڤی .

519-جەنگی ئوحد کەی بەرپا بوو ؟

وەڵام/ 15/10/3 ی کۆچی .

520-فاتیمەی کچی پێغەمبەر ( درودی خوای لێبێت ) کەی شوی بە عەلی کرد ( خوا لێیان ڕازی بێت ) ؟

وەڵام/ 21/1/2 ی کۆچی .

521-کام شار ناسراوە بە شاری بازرگانی قوڕەیش ؟

وەڵام/ شاری ( حەبەشە ) .

522-گەشتی پێغەمبەر نوح ( درودی خوای لێبێت ) لە ناو ئاودا چەندی خایاند ؟

وەڵام/ 150 ڕۆژ , لەسەر کێوی جودی نیشتەوە .

523- پێغەمبەر نوح ( درودی خوای لێبێت ) پێش تۆفانەکە چەند لە نێو گەلەکەی مایەوە و , بەگشتی چەند ژیاوە ؟

وەڵام/ دوای تۆفانەکە -350 - ساڵ لە نێو گەلەکەی ژیاوە و , بە گشتی - 950- ساڵ ژیاوە.

524-کێ سومەیەی کچی خەییاگی کوشت , دایکی ( عەماری کوڕی یاسر ) ؟

وەڵام/ ئەبو جەهل ( نەفرینی خوای لێبێت ) .

525-مۆری پێغەمبەرایەتی ( موحەممەد ) لە کوێی لاشەی پیرۆزی پێغەمبەر ( درودی خوای لێبێت) دا هەبووە ؟

وەڵام/ لەنێو شانی پیرۆزیدا..هێندەی هێلکە کۆترێك بووە.

---

526- ناوی ئەم جەنگە چی یە کە منداڵەکانی خەنسائی تیادا شەهید بوون ؟

وەڵام/ جەنگی ( قادسیە ) لە ساڵی - 637 - ی کۆچی بەرپا بوو .

---

527-کێ سێ یەم منداڵی ئادەم حەوا بوو ؟

وەڵام / شیت .

---

528-هاتنی وەحی بۆ پێغەمبەر ( درودی خوای لێبێت ) سەرەتا بە چی دەستی پێ کرد ؟

وەڵام/ بە بینینی خەوی ڕاست ، هەر خەوێکی بدیبایە ڕێك دەهاتە دی .

---

529-ڕێگای ( فیل ) دەکەوێتە چ ڕێگایەك , لەو کاتەی هاتن کەعبە بڕوخێنن ؟

وەڵام/ لە پارێزگای جنوبی ڤەهرانەوە هاتن , بە فرمانی ئەبرەهەی ئەشرەم کە لەشکرێکی ئامادەکرد بۆ ڕوخاندنی کەعبە .

---

530-( أكلة الثريد ) خواردنێکی عەرەب بوو , ئەمە چ خواردنێکە ؟

وەڵام/ نان و گۆشتاو .

---

531-کێ شکستی دەریایی بە ڕۆم هێنا ؟

وەڵام/ عەباسی کوڕی فەچل .

532-ناوی کەعبە لە چی وەرگیراوە ؟

وەڵام/ لە ( کعوب ) دوە هاتووە کعوب : بەرزبوونەوەیە .

---

533-ساڵی غەمگینی و دڵ تەنگی چ ساڵێکە لە ژیانی پێغەمبەر ( درودی خوای لێبێت ) ؟

وەڵام/ ئەم ساڵەیە کە خەدیجەی خێزانی و باپیرەی ئەبوطالیب کۆچی دواییان کرد .

534-له ڕابردوو و ئێستا کێ دەرگەوانی کەعبە یە ؟

وەڵام/ له ڕابردوو بەنی شەیبە : له قوصەی قوڕەیشی عەدنانی بوونە , ئێستاش عەبدول عەزیزی شەیبی .

535-قۆناغی بانگەوازی نهێنی له ( مەککە ) دا چەندی خایاند ؟

وەڵام/ ماوەی ( 3 ) ساڵ بەردەوام بوو .

536-ئەم ئافرەتە کێ بوو له بەنی تەمیم بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکرد ؟

وەڵام/ سجاح .

537-کێ یەکەم کەس ئاماژەی بە زانستی هەسارە کرد ؟

وەڵام/ پێغەمبەر ئیدریس ( درودی خوای لێبێت ) .

538-کێ یەکەم کەس منارەی بۆ مزگەوت دانا ؟

وەڵام/ عومەری کوڕی عەبدول عەزیز . له ساڵی - 91- ی کۆچی .

539-یەکەم فەرمودەو کۆتا فەرمووده له صەحیح بوخاری چی یە ؟

وەڵام/ یەکەم فەرمووده : ( إنما الأعمال بالنيات ... ) کۆتایەکەیشی ( كلمتان خفيفتان علي اللسان ثقيلتان بالميزان ... ) .

540-یەکەم شیردەری پێغەمبەر ( درودی خوای لێبێت ) کێ بوو ؟

وەڵام/ ثوەیبە .

541- ڕۆژی – عاشورا- له چ مانگێکە ؟

وەڵام/ له مانگی ( موحەڕەم ) ە .

542-یەکەم سورەت دوای کۆچ دابەزی چ سورەتێك بوو ؟

وەڵام/ سورەتی : البقرة .

543-کێ یەکەم کەس کەعبەی پۆشی ؟

وەڵام/ ئەسعەدی حەمیری , تیان ئەسعەد ئەبو عەرەب .

---

544-یەکەم کەس لە جەنگی بەدر شەهید کرا کێ بوو , وە کێ شەهیدی کرد ؟

وەڵام/ موهجەع مەولای عومەری کوڕی خەطاب ( خوا لێی ڕازی بێت ) عامری کوڕی حەضرەمی کوشتی .

---

545-کێ یەکەم کەس لە نێوان هاوەڵەکان فەتوای دا ؟

وەڵام/ ئەبو بەکر ( خوا لێی ڕازی بێت ) .

---

546- گەمارۆی هەمەلایەنە لە ( شیوی ئەبو طالیب ) دا چەند ساڵی خایاند ؟

وەڵام/ -3- ساڵی ڕەبەق ، لە مانگی (موحەڕەم ) ی ساڵی (7) تا مانگی (موحەڕەم ) ی ساڵی (10 ) ی پێغەمبەرایەتی .

---

547-کێ یەکەم کەس لە ڕۆم بانگی دا ؟

وەڵام/ عبداللە ی کوڕی طەیب ( خوا لێی ڕازی بێت ) .

548- لە جەهالەت و نەفامیدا کێ یەکەم کەس میراتی دابەش کرد بە گوێرەی یاسای قورئان نێر دوو هێندەی مێ دەبات ( للذکر مثل حظ الانثیین ) ؟

وەڵام/ عامری کوڕی جەثمی یەشکری .

---

549-ئەم ناوە چی یە کە مزگەوتی دوو ڕووگەی پێ دەناسرێ لە مەدینەی پیرۆزدا ؟

وەڵام/ مزگەوتی بەنی سەلەمە .

---

550-( أصحاب الایکة ) کێن و لە کوێ جێنشین بوون ؟

وەڵام/ ئەوانە گەلی شوعەیب بوو , لە ( مدین ) جێنیش بوون , گوندێکە لە زەوی ( معان ) ە , لە دەوروبەری شام .

---

551-گەلی هود لە کوێ جێنیش بوون ؟

وەڵام/ لە ( ئەحقاف ) لە یەمەن .

552-بۆ یەکەم جار قورئان لە کوێ لە چاپ درا ؟

وەڵام/ لە ساڵی - 1113 - لە هامبورج لە ئەڵمانیا .

553-بەیعەتی عەقەبەی یەکەم کەی بوو ؟

وەڵام/ ساڵی - 12- ی پێغەمبەرایتی .

554-مرۆڤ لە ڕۆژی دوایی یەکەم شت لەسەر چی دادگایی دەکرێ ؟

وەڵام/ لەسەر خوێن , خوێن ڕشتنی بە ناهەق .

555-لە قورئانی پیرۆز بۆ ( با ) ناوێك وتراوە , ئەم ناوە چی یە ؟

وەڵام/ ( الذاريات ) .

556-لە بەیعەی ( عەقەبە ) ی دووەمدا ، پێغەمبەر ( درودی خوای لێبێت) چەند کەسی هەڵبژاردو ، چ ناوێکی لێنان ؟

وەڵام/ - 12 - کەس ، ناوی نان ( نەقیب ) .

557-ئەم هاوەڵە کێ بوو کە هاوڕێیەتی پێغەمبەری کرد ( درودی خوای لێبێت ) کاتێك چوو بۆ طائیف ؟

وەڵام/ زەیدی کوڕی حاریثە ( خوا لێی ڕازی بێت ) .

558-ناوی فریشتەی سزا چی یە ئەوەی لە سورەتی ( العلق ) دا باسکراوە ؟

وەڵام/ ناوی : ( زەبانیە ) یە .

559-یەکەم بەندە موسڵمان بوو کێ بوو ؟

وەڵام/ زەیدی کوڕی حاریثە ( خوا لێی ڕازی بێت ) .

560-نازناوی کوڕی حوسەینی کوڕی عەلی کوڕی ئبی طالیب چی یە ؟

وەڵام/ زەین لعابدین .

561-خراپترینی خەڵکی لە ڕۆژی قیامەت لای خوا کێ یە ؟

وەڵام/ پیاوێك بچێتە لای خێزانەکەی و لەگەڵی جووت بێ و دواتر نهێنیەکە بڵاو بکاتەوە .

---

562-ئەم هاوەڵە کێ بوو کە پێشنیاری هەڵقۆڵینی خەندەقی کرد لە جەنگی ئەحزاب ؟

وەڵام/ سەلمانی فارسی ( خوا لێی ڕازی بێت ) .

---

563-ئەم هاوەڵە کێ بوو بە وەفاتی و کۆچی دوایی عەرشی خوا لەگەڵ لەرزی ؟

وەڵام/ سەعدی کوڕی موعاذ ( خوا لێی رازی بێت ) .

---

564-لەکاتی کۆچ بۆ مەدینە ، پێغەمبەر ( درودی خوای لێبێت) لەگەڵ ئەبو بەکردا چوونە ناو کام ئەشکەوت و ، چەندە تیایدا مانەوە ؟

وەڵام/ ئەشکەوتی ( ثور ) سێ ڕۆژ تیایدا مانەوە .

---

565-کێ یەکەم کەس تیری هاویشت لە پێناوی خوا , نازناوی نراوە بە ( العمامە ) ؟

وەڵام/ سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص ( خوا لێی ڕازی بێت ) .

---

566-چەند قورئان لە سەردەمی عوثمانی کوڕی عەففان نوسرایەوە ؟

وەڵام/ - 7 - دانە .

---

567-ئەم بیابانەی پێغەمبەر موسا و ( درودی خوای لێبێت ) گەلەکەی تیایدا مانەوە دوای ئەوەی خوا ڕزگاری کردن لە فیرعەون ناوی چی یە ؟

وەڵام/ بیابانی ( سیناء ) .

---

568-ئەو قسە مەشهورەی ( عەبو لموطەلیب ) بە ئەبرەهەی ووت ، چی بوو ؟

وەڵام/ ( ان للبيت رباً سيحميه ) .. واتە کەعبە خواو خاوەنی خۆی هەیە و خۆی دەیپارێزێ .

---

569-خێزانی پێغەمبەر ئیبراهیم و دایکی ئیسحاق ( درودی خوایان لێبێت ) ناوی چی یە ؟

وەڵام/ ناوی ( سارە ) یە .

570-هاوەڵێك ناسراوە بە ( الباحث عن الحقيقة ) توێژەری ڕاستی , ئەمە کێ یە ؟

وەڵام/ سەلمانی فارسی ( خوا لێی ڕازی بێت ) .

571-کاروانی بازرگانی خەڵکی مەکە لە هاویندا بۆ کوێ بوو ؟

وەڵام/ بۆ شام .

572-کاروانی بازرگانی خەڵکی مەکە لە زستاندا بۆ کوێ بوو ؟

وەڵام/ بۆ یەمەن .

573- تەمەنی پێغەمبەر ( درودی خوای لێبێت ) چەند بوو کاتێك خوا کردی بە پێغەمبەر؟

وەڵام/ -40- ساڵ .

574-دایەنەکەی پێغەمبەر ( درودی خوای لێبێت) ناوی چی بوو ، وە لە کام هۆز بوو ؟

وەڵام/ ( خاتوو حەلیمە ) کچی ( ئەبو ذوئیب ) .. لە هۆزی ( بەنی سەعید ) .

575-ناوی ( ئیبن قەیمی ) جەوزی چی یە ؟

وەڵام/ ناوی : شەمسەدین موحەممەدی کوڕی ئەبی بەکر .

576-ئەم ئافرەتە کێ یە کە خوای گەورە بۆنی بەهەشتی لەسەر قەدەغە کردووە ؟

وەڵام/ پێغەمبەر ( درودی خوای لێبێت ) دەفەرموێ : هەر ئافرەتێك داوای تەڵاق و جیابوونەوە لە هاوسەرەکەی بکات بە بێ هیچ ناخۆشیەك لە نێوانیان , ئەوە خوا بۆنی بەهەشتی لەسەر قەدەغە دەکات .

577-نازناوی پێشەوای زانا ( ئەحمەد بن تەیمیە ) چی یە ؟

وەڵام/ نازناوی : ( شەیخ و لئیسلام ) ە .

578-کۆتا وەسیەتەکانی پێغەمبەر ( درودی خوای لێبێت ) پێش وەفاتی چی بوو ؟

وەڵام/ کۆتا وەسیەتەکانی بۆ - نوێژ - بوو , دەیفەرموو : الصلاة الصلاة وما ملکت أیمانکم .

579-ئادەمیزاد لە ڕۆژی دوایی یەکەم شت لەسەر چی حیسابی لەسەر دەکرێ ؟

وەڵام/ لەسەر- نوێژ - .

580-حوکمی ئەو کەسە چی یە کە زەویەك داگیر دەکات ؟

وەڵام/ لە ڕۆژی دوایی خوای گەورە بە - 70- زەوی دەیپێچێتەوە .

581-کامە سورەتە لە قورئانی پیرۆز بە دوو پیت دەستی پێ کردووە ؟

وەڵام/ سورەتی ( طه ) .

582-پاداشتی ئەو کەسە چی یە کە ڕۆژێك لە پێناو خوا بە ڕۆژوو بێت ؟

وەڵام/ خوای گەورە - 40 - پایز لە ئاگر دووری دەخاتەوە .

583-لە جەنگی ئوحد کێ سەرکردەی ڕم هاوێژەکان بوو ؟

وەڵام/ عبدالله ی کوڕی جوبەیر ( خوا لێی ڕازی بێت ) .

584-مەدینە سێ هۆزی بەناوبانگی جولەکەی تیا بوو ، ناوی ئەو هۆزانە چی بوو ؟

وەڵام/ بەنی قەیونقاع / بەنی قورە یضە / بەنی نەضیر .

585-نازناوی حەنظەلەی کوڕی عامر بەچی بانگ دەکرێ ؟

وەڵام/ نازناوی بە ( غسیل الملائکة ) ناو دەبرێ , چونکە فریشتەکان شۆردیان .

586-ئەم دارە چ دارێکە کە جولەکە خۆی لە پەنای حەشارد دەدا لە کاتی جەنگانیان لە گەڵ موسڵمانان ؟

وەڵام/ داری غەرقەد .

587-عیسای کوڕی مەریەم لە کوێ لە دایك بووە ؟

وەڵام/ لە بەیت لەحم , لە فەلەستین .

588-گەورەترین سورەت لە قورئان چ سورەتێکە ؟

وەڵام/ سورەتی : الفاتحە .

589-کێ یەکەم کەس لە خانەوادەی پێغەمبەر ( درودی خوای لێبێت ) لە دوای پێغەمبەر کۆچی کرد و مرد ؟

وەڵام/ فاطیمە ی کچی پێغەمبەر ( درودی خوای لێبێت ) .

590-نازناوی عومەری کوڕی خەطاب چی یە ؟

وەڵام/ نازناوی ( فاروق ) ە , چونکە ڕاست و ناڕاستی لە یەکتر جیا کردەوە .

591-یەکەم : پیاو ، ئافرەت ، منداڵ ، کە موسڵمان بوون کێ بوون ؟

وەڵام/ پیاو : ئەبوبەکری صدیق ، ئافرەت : خاتوو خەدیجە ، منداڵ : عەلی کوڕی ئەبو طالیب ، ( خوا لێیان ڕازی بێت ) .

592-ئەسمائی کچی ئەبوبەکر بە چی جودا دەکرێتەوە و ناودارە ؟

وەڵام/ بە یەکەم فیداکار لە ئیسلام ( أول فدائیة في الاسلام ) .

593-سورەتێك لە قورئانی پیرۆز بە ( الحمد ) دەست پێ دەکات وەك سورەتی ( الفاتحە ) ئەم سورەتە چ سورەتێکە ؟

وەڵام/ سورەتی ( فاطر ) .

594-درێژترین ووشە لە قورئاندا بە دەربڕین و نوسین چ ووشەیەکە ؟

وەڵام/ فسیکفیکهم .

595-هاوەڵی بەڕێز ( ئوم هانیو ) ناوی چی یە ؟

وەڵام/ فاخیتەی کچی ئەبو طالیب .

596-ئەم پادشایە کامە بوو نامەی پێغەمبەری ( درودی خوای لێبێت ) دڕاند ؟

وەڵام/ پادشا : کیسرا ابرویز .

597-یەکەم ماڵ لەسەر زەوی دانرا بۆ خواپەرستی چ ماڵێك بوو ؟

وەڵام/ کەعبەی پیرۆز لە شاری مەککە .

---

598-ئەو جولەکەیە کێ بوو جادوی لە پێغەمبەر ( درودی خوای لێبێت ) کرد ؟

وەڵام/ لوبەیدی کوڕی ئەعصەم .

---

599- لە کاتی گەڕانەوەی پێغەمبەر ( درودی خوای لێبێت) لە ( طائف ) ، لە ( وادي النخلة ) دا ڕوداوێکی گەورە ڕووی دا ، ئەم ڕوداوە چی بوو ؟

وەڵام/ کۆمەڵێك ( جن ) بە بیستنی قورئان سەرسام بوون و ، ئیمانیان هێنا بە پێغەمبەر ( درودی خوای لێبێت) .

---

600- کام هاوەڵی پێغەمبەر ( درودی خوای لێبێت) خەوی بینی بە شێوازی بانگدانەوە ؟

وەڵام/ عەبدوڵلا ی کوڕی زەید ، ( خوا لێی ڕازی بێت ) .

---

ئامادەکردنی : نوسەیبە میرانی

پێداچونەوەی : پشتیوان گەلەژێری

---

www.regayislam.com
www.regayislam.com/vb

---